## ٥٦ - شه‌پۆل

له هێندێ شوێن له‌کورده‌واریدا به تایبه‌ت لای (بان هۆبه‌تو) و دیوانده‌ره‌و (تیله کۆ): ئێران شار فێربون شه‌وانه له‌کاتی خوێدا به‌چرا تۆر، راوه‌که‌و ده‌که‌ن و ده‌یان گرن و له ئاوایی «هه‌رمۆڵه»ی لای هه‌وشار به‌ته‌پکه‌و داوو تۆر که‌وده گرن ...

ناوی «که‌و» له زاراوه کانی کورده‌واریدا: له زاراوه‌ی کرمانجی‌دا «زه‌ره‌ج» له زاراوه‌ی له کیدا - «ژه‌ره‌ژ» له‌هه‌ورامانیدا «دوراج - یان» دورگ.

«زڕه که‌و» زڕه که‌و ده‌نگی خۆش نییه‌و که‌م ڕاو ده کرێ و ئه گه‌ر بچنه ڕاوی ئه‌م که‌وه به تفه‌نگ ده‌یان کوژن.

ده‌سته و پۆلی ڕزه که‌و. جاری واهه‌یه ده‌گاته ٢٠٠ که‌و، ئه‌م جۆره که‌وه له داوێنی کێو و چیای به‌رز هێلانه ساز ده‌که‌ن. ئه‌م جۆره که‌وه ماڵی ناکرێ چونکه ناتوانێ له ئاوایی دا ژین به‌رێته سه‌ر، به‌چکه‌ی رزه که‌و ئه گه‌ر له ئاوایی ڕای گرن له‌پاش دوانزه ڕۆژده‌مرێ «که‌وی چێل - که‌وی چیڕ که له زاراوه‌ی کرمانجی ژورو دا به تایبه‌ت له لای «وان» و «بتلیس» که‌وا چیڕا و «که‌وا چۆر» «که‌و» یێ پیێ ده‌ڵێن. زۆر سرنج ڕاکێشه له‌کورده‌واریدا «که‌وێ» - ناوی ژنانه‌یه [1].

خاسه که‌ویان پۆڕ له‌زاراوه‌ی سنه‌یی و موکریانی و نێو بـه‌گ‌زادان و گـه‌ورك و سه‌قز و بانه‌و سه‌رده‌شتا. - له‌کرمانجی ژورودا «که‌وی گۆره‌ڵی» پیێ ده‌ڵێن، پۆل و ده‌سته‌ی ئه‌م





---

١ - ئه‌گه‌ر ئافره‌تێك جوان و نه‌خشیلانه بێ پێی ده‌ڵێن «که‌وێ» و به مێوه که‌ویش ده‌ڵێن «که‌وێ ده‌توانم بڵێم لێره‌دا زۆر به جوانی ته‌وفیری مُذَکَّر وَ مُؤَنَّثْ «نێرومێ» ده‌ر ده‌که‌وێ له کوردیدا بۆ مذکر ده‌ڵێن. حه‌مه، مچه - عه‌به، کوره مه‌ترسه، ($E$ - $O$) نیشانه‌ی مذکّره‌یان بابۆ - کاکۆ، چه‌کۆ، شیرکۆ، حه‌سۆ، صالحۆ، هه‌سپی من ره‌شه «له کرمانجی ژورودا» (و -$W$) نیشانه‌ی مذکّره،وه‌بۆ مُؤَنَّثْ دڵێن پوری - خوشکێ مه‌ترسێ دادێ، وه له کرمانجێ ژورودا ده‌ڵێن: کیژکا - ژنکا - دایکا = «مانیا من خۆش به‌زه» ($O$ : $E$ - و: $W$ - ئا:ه - ی : اً) نیشای مێوینه‌یه.

جۆرە کەوەدەگاتە ٢٠ و مێوەی ئەم کەوە تا ١١ هێلکەدەکات و زۆر بەیان هەڵدێنێ، یەک دو هێلکەیان پیس دەکات، ڕەنگی ئەم باڵندە بەم جۆریە: لای سەرو بەدەنی بۆرەو ڕەنگ خۆڵەمێشە، مل و ساوگەردنی، وە لای ژوروی سنگی خەتێکی سپی تێدایەو ئەم خەتە لە ژێر چاوی‌یەوە دەروات بە جۆرێکی واکەمل و سەرکوڵمی دەگرێ و لە دەورو بەری خاڵ خاڵی ڕەش و سپی هەیە، پەڵە پەڵە خاڵ و خەتی ڕەش و جوان کە بەیەک ئەندازە لێک دورن لای سینگی هەیە، نێرە و مێوە لە ڕەنگازۆریان تەوفیرنییە ـ نێرەکەو کەمێک لە «مێوە» کە و گەورە ترە و سەری «مێوەکە» لە سەری نێرە بچوکترە، لای ژوروی دەنوکی نێرەکەو خەتێکی ڕەش لە دولاوە، وەک دەمە داس تا تەوقی گەردنی ڕاکشاوەو پانایی ئەم خەتە یەک سانتیمتر دەبێ، دەندوک و پێی ئەم داعبایە ڕەنگ سورە...

راو وشکار- راوی خاسە کەو زۆر لە مێژەوڵەڕۆژگارانی زۆر دورودرێژەوەیە، هەیەو راوە کەو، کە لە نێوکوردەواریدا باوە و عیل و عەشرەتی چادرنشین خوو خدەیان بەراوە کەو گرتوەو ئەوانە واڕاوچین نزیکی بیست کەوی راوی یان هەیە.زیاتر نێرەکەو بۆڕاو را دەگرن چونکە راو و شکار بە کەوی مێ ماوەی زۆر کەمە. کەو بەم چەن جۆرە ڕاو دکرێ.

١- ڕاوە «هەردی» ئەم جۆرە ڕاوەلە زستاناندا دەکرێ و بەم جۆرە کەوەدەڵێن: «زیێ» یانی گەرمێن و کوێستان ناکات. ڕاوچی باشترو ئاسانتر دەتوانێ ئەم جـۆرە کـەوە بگـرێ‌و ڕاوی‌بکات جا بەوەسیلەی نێرە کەو یان «جوت» نێرومێ ڕاویان‌دەکەن‌ئجاری وایش هە یەئە گەر بەفر زۆربێ بەدارو گۆپاڵ دەیان کوژن.

٢- مێڕۆژ «راوە ماکەو» «چێڵ کڕ» ئەم جۆرە ڕاوە لەکاتێکدا ماکەو «چێڵ» دەکوێتە هێلکەکردن و لە پاشان‌ئەو کەوە مێسیا نە «کڕ[1]» دەکەون و لە سەر هێلکە کـورک دەکـەون شکارچی «ماکەوی» ڕاووشکاری خۆی دێنێ و لە (رکە): قەفەسدا لە جێگەیەکی تـایبەت دای‌ئەنێ و ڕاوی پیێ دەکات ـ ئێستالە هێندێ مەڵبەند لە باتی «ماکەو» زەبتی سەوت دائەنێن ئەم جۆرە ڕاوە لە ئێوارandا لە ساعەتی شەشی پاش نیوەڕۆ یان لەبەیانیاندا لەپێش مەلا بانگ دانا تاکاتی تاو هەلاّتبەرێوە دەبرێ.

٣- ڕاوی «پۆل‌بوار» ئەم جۆرە ڕاوە لە دەم بەیاناندا لەکاتێکدا کەو پۆل پۆل دەیانەوێ بەرەو گەرمێن برۆن ڕاو دەکرێن، ڕاوچی شارەزاو زۆر زان لێیان وەخۆ دەکەون.

---

١- واتە: کڕ - کرچ، کارگ - کەرگ - سییەکە «رگ».

۴- ڕاوە باڕ [۱] - ئەم جۆرەراوە لەکاتێکدا کە بە چکەکەو خەریکە «خاڵ ئەریژێت» جێ‌بەجێ دە بێ. ئەم ڕاوە باڕە لە نزیکی کانیو ئاو و لەجێگەی «چینە» داکە دێن بۆ ئاو خواردنەوە، بەتۆڕ یان داو ڕاویان دە کن ودەیانگرن.

۵- کلاو ورچ وریوی، ڕاوچی کلاوێک لە لباد وەک سەری ورچ یان وەک سەری ریوی دروست دە کاو لە سەری دەنێ‌و کەو «سلی» لێ‌ناکات وبە «ساچمەزەن» یان «سەرپەڕ» یان «تاپڕ» دەیان کوژێ.

۶- داو: لە مویی کلکی ئەسپ ئەی هۆننەوە بە شەوانە نێرەو مێ کەو دەبەنە ڕاو و داوە کە ئەنێنەوە.جا ئەگەر مێ‌کەو بخوێنێ نێرەکەو بە دەنگییەوە دێت و ئەگەر نێرە بخوێنێ مێ کەو دێن و لیێ خڕدەبنەوە و بە داوەوە ئەبن‌و بەم جۆرە ڕاوە ئەڵێن: «سییا کام».

۷- هەوازەنی: کەو هەڵدەفرێنن و لەهوابەتفەنگ دەیان کوژن.

۸-چڕوسکە ڕاو: لەشەوانەدا داری چەور، وەک‌دار گوێزیان دار بەڕو ئاور دەدەن‌و لەو شوێنەی واکەوی زۆرە ڕای دە گرن -کەوەکان بۆلایی شوقی ئاورەکە دێن و دەیان گرن، جۆرە تۆرێک وەک تۆری باسکێت باڵ ڕا دە گرن وکەوەکان تیێ دە کەون.

۹- سەنگەرە ڕاو «گەیی - مەنزڵ» لە بەهار و پاییزاناکەکەو بە «قنە» - «قونە» - «قلە» لە ژێلاّ بەرەو ژور دێن بە تفەنگ دەیان کوژن یان - لەکاتی گەرما داکە دێن بۆ ئاو خواردنەوە گەرما ژۆ دەبن‌و دەیان گرن‌و ڕاویان ئەکەن.

۱۰- دیۆ جامە ... کە پارچەی ڕەنگاو ڕەنگ وەک پەشە دان کون کون دەکەن و بەئەندازەی بالاّی پیاوێک سازی ئەکەن جا ئەگەر پارچەکە سپی‌بێ ئەی رەنگێنن، لە پاییزاناکە «باڕ»گەورە ئەبن و بەقنە دێن و باش ناتوانن هەڵفڕن لەوکونانەوە وەبەر تفەنگیان ئەدەن، دەڵێن کەولەشتی ڕەنگین و جوان خۆشی دێ‌و ماریش حەز لەشتی ڕەنگاو ڕەنگ دەکات، بۆیەکانێ ڕاوی دیۆ جامە مەترسی هەیە ومار بەو جۆرە ڕاوچی یانەوە ئەدات. دەڵێن خاسەکەو زۆر بەهۆشە.

---

۱- کە «گوار» - «کواری» - بەچکەکەو - بارەکەو «جوجکاکەوی»یشی پێ دەڵێن.

۵۹ ـ شەپۆل

۱۱ ـ بەرەڕەت: ئەم: ڕاوەلە پاییزاناکاتێ کەو لە نزارەوە بەرەو بەر بەرۆژو خۆرە تاو دەروات بە پەرژین وچڕو چاڵوك سەرزاویان لیێ دەگرن وکەوەکان بە قنە بەبەر پەرژینە کە دادێن و دەکەونە نێو ئەو بەرەرەت و چاڵەوە و بەزیندویی دەیان گرن و بەم جۆرە ڕاوە، کەو بوار ـ حەشار و کۆڵیتیشی پیێ ئەڵێن.

۱۲ ـ شەڕەبەق ـ لە بەهاراندا دونێرە کەو ڕوبەڕوی یەکتری دا ئەنێن و بەسەر یەکدا ئەخۆینن. لەم هەرێمانەدا زۆر ڕاو دەکرێ. «سەرواماتی» لای دیواندەرە وسنە ـ «ژاوەرۆ» کەلی گارانی مەریوان، ببەشی ڕۆژ هەلاتی «سارالّ» و چەمی گاوەڕۆی لای کامیاران، دەڵێن: لە بەهارانداڕاوچی زیرەك و ماهیروشارەزا ڕاوی مێ کەو، یان (حیوانات) و باڵندان ناکەن بۆئەوەی لەم کاتە داهان لە زێو زەو (زاوزیێ) وپەرە سەندن داوهەرکەسێک «مێینە» ڕاوبکات تف و لەعنەتی لێ ئەکن. بەدەنگی کەو دەڵێن «قاسپە» شایەری کورد دەڵێ:

قاسپە قاسپی کەو وسوسکەی بانی بەرد    خۆم نەچیرە وان سەیری تۆم مەکرد

۱۳ ـ چیڕەیش ئەڵێن کاتێ کەکەو لە دورەوە شتێک ببینێ و دەنگ بەرزکاتەوە، وەك ئەمە بیپیەوێ دەنگی ئەوشتە بدات ورکە یان «ورتە» کە بیکەنە چرپە چرپ و دەنگەدەنگ، ڕاوچی بۆ گرتن و کوشتنی کەو ئەمەیان کردۆتە بیانو و ئەڵێن: کەو دنوك وپیێ خۆی بە خۆینی هاو خوێنەکانی یان بەخوینی ئیمام حوسین سور کردوە، دەبێ زۆر زو لە تولەدا بکوژرێ.

ئەمەیش چیڕۆکی کەوە شەلە کە باباهەژاری موکریانی بە شیعر ئەیگێرێتەوە:

سەر داری بۆکان عەزیز    خانی سەر بە رزو بە ریز
دیتی کەوێک دەفرۆشن    کڕیاری زۆر لە جۆشن
پرسی: چۆنە ئەو کەوە    وا لە دەوری هەو هەوە؟!
گوتیان: کەوێکی ڕاوە    کەوی بڕی لەو ناوە
کەوە شەلەی بەناو بانگ    نرخی بۆکانە شەش دانگ
هەرگیز بینی تەنگ نابێ    لە قاسپە بێ دەنگ نابێ
وتی: نامە بە پەلە    بۆم بکڕن کەوە شەلە

چــل زێریــان لە ســەر بــژارد     کــە ویــان بــەسەر دار سپــارد
خــان هــەڵی پســاند ســەری     روی کــرده دەور و بــەری
گــوتی: کــێ هــاوڕە گــەزی     بــداتــە دەست نــاحزی
پــاداشــی ســەر بــڕینە     نــەك وا بــە زێــر کــڕینە
هــۆشتبێ کــوردی هــەژار     گــەلت مــەدە دەست نەیــار[١]

**بۆ شینی باوکم خوالێخوشبو مەلائیبراهیم:**

پــدرم دیــده بســویت نگــرانست هــنوز
آنــقدر مــهرو وفــا بــر هــمگان کـردەای تـو
غــم نــادیدن تــو بــار گــرانست هــنوز
نــام نــیکت هــمه جــا ورد زبــانست هــنوز
خــود بــرفتی زجــهان کــی بــرود آثــارت؟
دیــده از دوری رویت نگــرانست هــنوز
رفــتی از دیــده و داغت بــه دل مــاست هنوز
هــرکجا مــی‌نگریم روی تــو پــیداست هــنوز
خــانه را نــوری اگــر بــود زرخســار تــو بــود
ای چــراغ دل مــا از چــه تــو خــاموش شــدی.
ئــاخ و داخ و زوخ و زام و خــەم
هەر پەنج لە هیجرەی دەرون بیەن جەم ـ شەپۆل.

تــبسم زیــر لعــلش گــر نشــان پــرسد غــبارم را
ببوسد تــا قــیامت بــوی گــل خــاك مــزارم را

---

١ـ ئەم باسی راوەکەوە لە کۆواری سروە ژومارەی ٥ پەرەی ٢٠ تا ٢٢ ساڵی ١٣٦٥ی هەتاوی بەقەڵەمی (شەپۆل) محەمەد سالح ئیبراهیمی محەمەدی لەچاپ دراوە بەلام شیعری کەویان لی قرتاندوە.




دەسکرد وکرداری پیشە سازیلەکوردە واریدا ئاش، ئاسیاو

حە کیم مەولە وی کورد، لەم بارە وە ئەبێژێ:

صە دای ئاسیاو چی مەیۆ پەیا پەی ئاسیاو خاڵییەن، نۆرەتەن سادەیێ

ئاشنانەوە = ASHAHAVA ئەمرۆکە، ئە گەرچی، لەولاتی کوردستانا ئاشی ئاوی، یان، ئاسیاو، لەهێندێ جێگە ڕەنگە، شۆینەواری، مابێ، بەلام وە ک ئەزانن لەزۆر جێگە، ئاشی ئاگر، جێگەی ئاشی ئاوی گرتوە تەوە، جا، لەبەر ئەوەی، بەشی زوری ڕۆلە کانی کورد، ڕەنگە، لەبارەی چلون دامە زراندنی ئاسیاو و ئە و شتومە کەیوا، بۆ ئاشنانە وەی ئاشی ئاوی پێویستە، ناشارە زابن وبۆئەوەی لە بیر نەچنە، چونکازورواژە و ناوی رەسنی تیدابکار براوە و بۆ زاراوەی پیشە سازیو سەنعەت بە کار دێن و بۆ ئەوەی لەبیرنە چنەوە ئێمە لەمبە شەداباسی چلون دامە زراندنی ئاشی ئاویتان بۆئە کەین.

ئەوکەساندیوا جوگەئاوێکیان هەبێ، لەپاشان کە بتوانێ ئاش بگێڕێ، لاپاڵێکی بەرزو بڵیند، ئە گرنە بەرچاو وە جوگەی بۆڕائە کێشن، شۆینی ئاسیا وە کەخۆش ئە کەنو ئاش

ئەنێنەوە... ئاسیاو بەدو جۆر دائە مەزرێ: یە کە میان ئاشی تەنورەیە، دوهەمیان ئاشی دوڵیاشە. ئاشی تەنورە بەم جۆرە ئەنێنەوە: تە نورە یە کی گەورە، یا بە قسڵ و گە چ یا بە حەڵە بی و تەنە کەو چەلەنگ و گالۆن و یان، خۆ لەداری نێوهە ڵکۆڵراوساز ئە کەن، وئەش گونجێ ئە م جۆرە ئاشە، لە ئاسیاوی دوڵیاش نەوی ترو بە رزایی کە متربێ و ئەم تە نورە یە بۆ، ئەوە یە کەپڕی پکن لەئاو وئاوە کە، لە ویدا، پەنگ‌بخواتەوەو لای خوارەوە، لەزە مبورە وە، یان، کونجێکی بچوکە وە، بە توندی دەرچێ و، دەرپەڕێ و، بەخوڕ، بداله پەڕەی توپە کەوبی سورێنێتەوەو بەرداشە کەی سەروبگێڕێ و بەم جۆرە، ئاشە کە، بکەوێتە کار.

بە لاّم ئاشی دوڵیاش‌کە دوڵی بۆدروست ئە کەن بە قسڵ وگەج و تاوێر یان‌تاتەبەرد و سەنگ چین دای‌ئەمە زرێنن و ناوێکی لێ قایم ئە کەن، کە لای سەرەوەی‌گوشادوهەراو و دەم‌بلاّو بێ، وەلای خوارە وەی تەنگ‌و بەر تە سک و بچوک بێ، بە جۆرێکی وابێ ئە گەر جۆ گە ئاوە کەی تێ هەڵکەن، بەو پەڕی توندو تیژی یە وە، بەنێو: ناوە کەدا: کە دولاّش و، دوڵیشی پێ ئەڵێن بروا، بداله پەڕە کانی تۆپە کەو بەرداشتە کەیشی پێ پسوڕێ[1]

ئەوشتانەی‌وا، ئاشی ئاوی پێ‌دائە مەزرێ‌و دروست ئە کرێ‌ئە مانەن:

١ - دوبە ردی گەورە، بەردی سەرو، بە ردی خوارو، کە بە جۆرێکی تایبەت گەلاّلەی ئە گرن و ئەم بەرداشانە لە کان و جێگەی تایبەت دەری دێنن ورێک‌وپێکی ئە کەن و، ئاش وەستا بیرازی‌ئە کات‌و تەوەرەو بستەی تێ ئە گرێ... لە نزیکی «بۆ کان» گوندێک هەیە، بە نێوی «داش‌کستان» کە بەرداشی چا کی هە یە وبەرداشی ئەوی‌زۆر بە نێو بانگە، لەموکریان‌و ئەو ناوانە، بۆئاش نانەوە، بە رداش لە گوندی: داشکستانەوە، دێنن.

لە چیا کانی کوردستان کانی بەرداش زۆرن.[2]

٢ - حەواڵە HAVALA واتە: بەر دۆڵاو، یان، بەردوڵی ئاشی، بە رزایە کی دەسکارە، کە لەبەردی ساز ئە کرێ، و لەبەردی هەڵیدە چنن، ئەم حەواڵە ئەبێ لەئاشە کە، بەرزتر

---

١ - سەرچاوە وتاری لێکوڵەرو موحەقیقی بەریز کاک قادر فەتاحی قازی لە کۆواری بلاّوکی زانکوی تەورێزە- کوواری هونە رومەردوم لە بابەت زاراوەی ئاسیاوی ئاوی‌یەوە (شە پوڵ).

٢ - بۆوێنەلە خالْ دەلیل بەردی گرانیت، خاڵوردو بەقیمەت زۆرە (شە پوڵ).

و بڵیندتربێ‌و، له به‌رئه‌م حه‌واڵه دا دۆڵاش ڕائه‌کێشن و دای ئه‌مه زرێنن. ئاوه‌که له حه‌واڵه‌وه ده‌ڕ ژێته‌نێو دۆڵاش.

٣ـ دۆڵاش DOLAS که دۆڵیان و ته‌نوره ودۆڵاویشی پێ ئه‌ڵین. دارێکی ٦ گه‌زی یا ١٠ گه‌زی زۆر ئه‌ستوره، که نێوه‌ڕاسته‌که‌ی هوڵوڵ ده‌که‌ن و هه‌ڵیده‌که‌نن، وه‌له حه‌واڵه‌که‌ی قاییم ئه‌که‌ن وئه‌بێ به ئه‌ندازه‌ی حه‌واڵه‌که به‌رزو بڵیند بێ و سه‌ر پشتی واته: ئه‌ولایه‌ی‌وا به‌تاکه، ته‌خته به‌ند ئه‌که‌ن ودای ئه‌به‌ستن، به جۆرێکی واکه‌ته نانه‌ت چۆڕێکیش ئاو، نه‌ده‌ڵێنێ.[1] له سه‌ر حه‌واڵه‌که‌وه چوار پێنج‌دار به ناوی (سپه‌ره) له جۆگه ئاوه‌که ده‌چه‌قێنن بۆگل دانه‌وه‌ی پوش‌و پلاش.

٤ـ دارخوانکی·ئاشی خانک، یان خوان یان ژێر بڵوسک، که «بڵێسک‌و چل که‌نار و داری ژێرگرێژنه‌شی پێی ئه‌ڵین = دارێکه یه‌ک میترونیو (١/٥ درێژه‌و ٢٠ سانت ئه‌ستوره) و پاناییشی نیومیتره له‌ژێر گشت‌دام وده‌سگای ئاشه‌که له زه‌وی گیراوه‌و· ناوه‌ڕاستی ئه‌ودار خوانکه چاڵ‌کراوه و هه‌ڵکه ندراوه‌و، «به‌رمورو» واته، توبگه‌ڕ و بولۆسک «له‌سه‌رئه‌و دارخوانکه‌یه، وه‌داری «پێی یان: شمشیره‌شی لێقاییم کراوه... که به‌و داره، واتا: دارخوانک» و «دارپێی» ئارد، وردویان درشت‌و زبر «ئه‌کرێ و به رداشی سه‌رو، به‌وداره به‌رزو نه‌وی ئه‌کرێت.

٥ـ به‌رمورو یان، به‌رده‌موره یان به‌ردمورو ئه‌مه، به‌ردێکی سه‌خت وره‌شه، یان «به‌رده‌سماته یه‌که: له‌نێوه ڕاستی دارخوانکی ئاشه‌که‌ی ئه‌چه قێنن وتێی ئه‌گرن که‌پێی ئه‌ڵین «به‌رمورو».

٦ـ بسته‌ی ئاشی واته: شیش و «بڵێسک» و ئه‌و میله‌ی وابه‌نێوه ڕاستی تۆپه‌که‌دا ئه‌ڕوات و له سه‌رئه‌و «به‌رموره» وه‌ی دائه‌نێن و دابینی ئه‌که‌ن، وه ئه‌ومیله‌ی واله‌تۆپه‌که و ته‌مبو هه‌ڵده‌کێشرێ له سه‌ربه‌رموروه‌که، ده‌س ئه‌کابه گه‌ران، جاتۆپه‌که و به‌رداشه سه‌روه‌که‌ش به‌خۆیه‌وه ئه‌سوڕێنێته وه، بسته میحوه‌ری ئاشه‌ و ئه‌ئاسنه

---

[1] ـ دولاش له دوواژه‌ساز بوه‌یه‌ک دوڵ‌واتا: شیو، ئاش، واتا: ئاسیاو.

٧ـ تەوەرە TAVARA: پارچەئاسنێکەچوارگوشەی درێژ، یان، پارچەدارێکەبە جورێ نێوە راستە کەی، کون ئە کە ن و ئەم سەرە و سەریشی «پەرەدار» و بە ئە ندازەی ئەو «تەوەرە» بەرداشتە کەی سەرەوەی بۆهە ڵدە کە نن‌و لەو بەردەی ئە گرن‌و ئەو بە رداشە، بەو «تەوەرە» وە ئە گە رێت‌و سەری بستە و میلە و شیشە ئاسن‌و بلۆسکە کەی بەهۆی، بەروڵە، جا داربێ یان ئاسن لیێ قایم ئە کرێ.

٨ـ «پەڕەی دار» تۆپ‌یان چەرخ یان دارپەڕەی تۆپی ئاشی، لە بنی خوانکەی ئاشی یان لە نێو دۆزقە، توپێک دابین ئە کەن، کە پەڕەپەڕە یەو پەڕەی داری، پێوەنوساوە، ودئاوی «زە مبورە کە» بە خوڕلەو، پەڕانە ئەداو ئەی گێڕێ‌و ئاشە کەیش، دە سوڕێنێ تەوە.

٩ـ دارپییێ، یان دارنێڵ‌یان، شمشێرە ـ دارێکە گەزو چارە کێک درێژە، ئەم دارە، وەبەر «پییێ» ئاشە کەی ئەدەن وە پیی ئاشە کەی پێی بەرز ئە کەنەوە. ئەم دارەداری‌پێی و دانیشی پێ ئەڵین، لە هەندێ جێگەی کوردە واریشا، ئەڵێن: ئاپێی لێهەڵینە «یان» ئاپێی ئاشە کە هە ڵێنە «با» زمهەڕە کە واتا: گەنمە کە، لێکات‌یان، ئەڵێن: پێی لێداخە یان ئاپێی ئاشە کە داخە، با، ئاردە کەی‌وردبی‌یان، ئەم ناوە: زۆرت پێی لێهە لێناوە، یان پێی لێهە ڵینان یان پێی لێداخستن.

١٠ـ چە قەنە، یان چەقچەقە، یان، جغجغە: تەختە دارێکە، لە کەویژە قاییم کراوە و لە پەستا پەستا، لە بە رداشە کەی ئە کەوێ و تە کان بە کەویژە کە ئەدا، وەبەم جۆرە کەم کە م گەنمی‌نێو «کە ویژە کە ئەخزینێتە خوارێ و ئە چێتە نێو گە روی بە رداشە کە، لێرە دایە ئەڵێن: ئاش کاری خۆیی ئە کات‌و چە قە نە دەم و دیانی خۆی ئەشکینێ یان دارئە گە ر خودا غەزەبی لێگرت، دەی کاتە چەقەنەی ئاشی.

١١ـ کە ویژە، یان، لەری، یا، چینە کی، یاکوژە: کە ناوچە، ناچە ، بلۆسکە و ناودانیشی پێی ئەڵین، داربلۆسکێکە کە، گەنم لە کونی «بانیژە کەوە» دیتە نێو ئەو کەویژەوەو لەوێشەوە، ئە کەوێتەنێو، گەروی بەرداشە سەروە کە یان (گەرو) گەڵوی ئاسیاوە کە.

١٢ـ دۆزقە، کەژێردۆزەقەو ژێرئاسیاویشی پێی ئەڵێن، جێگە یە کە، کە تۆپی ئاشە کە لەویدا ئە گەڕێ و ئاولەزەمبورە کە، دەر، ئەپەڕێ‌و لەتوپە کەی ئـەدا ولەونـێو دوزە قـەوە ئەڕواتەدەرێ.

٦٥ ـ شه پۆل

١٣ ـ شادۆڵ، کەوچکەیە کە لەجیگایەکدا ئاوی زۆربێ ولەدوڵە کە سارێژ بکات و بـرژێتە خوارێ ئەم شادۆڵە لە دەم دوڵە کە ئەدەن، بو ئەوەئاوە کە بە فیڕۆ نەروات و سارێژ نە کات.

١٤ ـ زەمبورە وشا زەمبورە، یان، گونج: دارێکە، کونکراو، کەلە سەری خواروی دوڵە کـە، گیراوە و ئاوە کە خڕدە کاتەوە، بۆ ئەوەی بە توندوتیژی لە تۆپە کە، بدا و بـێ گێڕێ وبـێ سوڕێنێ.

١٥ ـ لە واز یان شمشێر «ئاسنێکە، بەرداشە کەی، پێی ئەم بەرە و، بەرئە کرێت و کاری ئەهروم ئە کات بەڵام (خەردار) دارێکە بەردەخواروە کە سابت رائە گرێ.

١٦ ـ گردەڵەیان گردەڵ: تۆپەدارێکە بەرداشە کەی پێی دەنێنەخوارێ و پێی دابین ئە کەن.

١٧ ـ راستە: دارێکە، لەسەر بەرداشە کەی، دە گێڕن و بەرداشە کەی پێی راستەوپاستە ئە کەن.

١٨ ـ بەراو: زەمبورەیە کە، بۆ راست کردنی ئاوە کە بکار ئەبرێت.

١٩ ـ بانیژە: کە دوڵیدان و دوڵیان و دولاویشی پێی ئەڵین، جیگەیە کە، دەغڵی هاڕینی لەسەر رۆئە کەن و لەوێوە گەنمە کە ئە چێتە نێو کەویژەو گەروی بەرداشە کە وە.

٢٠ ـ بەن کەویژو باندوڵ: کە بەندوڵیشی پێی ئەڵین. بـەن وەشریتێکە درێـژوکورت ئەبێتەوەو کەویژە کەی، پێی بەرز و نەوی ئە کرێت، تادان زۆر، یان کەم برێژێتە نێو گە روی بەرداشە کەوە.

٢١ ـ ئاردمیز: لە دە م گەروی، بەرداشی ژێرین، جێگە یە ک هەیە کە ئارد، یان، گەنم و پەڵخوڕ ئەدا. لە کوردەواریدا ئەڵین: **ئاشێک لە میزتن بێ، هەرئەمیزێ.**

٢٢ ـ دەمەبێڵ یان دەمەبێڵی ئاردی: دەمەبێڵێکە، ئاردی پێ خڕ ئە کە نەوە و ئاردی پێ ئە کەنە نێو جە واڵ و هوڕ و تەلیس و شتیوا.

٢٣ ـ دە م بەریان، یاشیلگەجێگەیە کە، ئاوە کەلەوێوەتێ هەڵدە کرێ، یان ئاوی ئاشە کە، لە وێوە دائەخەن.

٢٤ ـ ئاشەوان یان لوبینیە، «ئاسیاوچی» کە سێکە بە سەر ئاشە کەدا رائەگات و خزمەتی ئە کات ولە بەرانبەری ئەم کارە دا ئاشانە و مزە دە ستێنێ هەرلەدەتەغار، گە نم، یە ک، تەغار، مزە، وەردە گرێ...

نوکتە: کاتێ کە زمهەر، تەواو بو ئاشەوان ئەچێتەسەربانی ئاشە کە و یە ک بەخۆی هاوارئە کات: «ئاش بە تاڵە»

لێرە دایە ئە گەرکاروکردە وەیەک نەی گرت و ناچاربن دەسی لێ هەڵگرن لە کوردەواریدا ئەڵێن: ئاش بەتاڵە! جائە گەرزمهە ریان، نە هێنا، ئاشەوان، ئاوی ئاشە کە دائەخات.

ئاشەوان، هەمورۆژێکی هەینی جارێک بە ئاش وەسائەڵێ: بێت ئاشە کە، بیرازکات.

٢٥ - ئاش وەستا: کاری ئاش وەستا ئەمەیە، ئاشە کە ئەنێتەوەو سازیئە کاتو ئەو بەرداشانەیوا لە ولاتی . موکوریان لە گوندی «داشکستان» ئەی هێنن ڕێک وپێکی ئە کاتو تەوەرەوبستەشی بۆساز ئە کاتو تیی ئە گرێت وبەرداشە کانیشی، تەرازئە کاتوڕاستەی، ئە گرێ، تابە هیچ لایە کدا، خوارنە بێو لەبەرانبە ری ئەم کارانەو بیرازکردنی، ئاشە کە، مزەو جومعانە، وەر ئە گرێ، واتا: ئە بێ لە مزەی ئاشە کە، مافی ئاش وەستا بدەن.

لە کوردەواریدا، ئەڵێن ئاش تابیرازی، نە کەن، ئاردی وردنابێ واتا: گە نم باش وردناکات.

٢٦ - ئاش گێڕێک ئاو[1]: هە ندێ ئاوە، کە، بتوانێ ئاشە کە بخاتە کار، ئاشگێڕێک ئاو.

ناو، براوە، ئەوەیە لە شیعری فولکولریکیشدا هاتووە کەدەڵی:

جوگە، چ جوگە، دەئاشگێڕ ئاوە = ئە گەر باوەڕکەی چۆمێک تەواوە.

٢٧ - دەساو: بەئاوێک ئەڵین: کە وەرزێر بتوانێ هەندێ زەرحاتی پیێ ئاوبدات. لە کوردەواریدا ئەڵین: ئەچمە سەرچەساو.

٢٨ - پەرچ: PARG = پەرژین: جۆرە پەنجەرەیە کە کە لەتوڵو داری ناسک سازی ئە کەن و وە ک چەپەر ئەی تەنن ولە ناوئاولەپێش دۆڵی ئاوی ئاشە کە، ئەی چەقێنن تاگژو، گیاو پڕش و، پلاشی ئاوە کە، بگرێ و، نە هێڵێ بێنە ناو، دوڵە کە، نەوە کو زەمبورەی

---

١ - هەرئاویک لەوانە بێ ئاش بگێرێ بالە سەر ئاشیش نەبێ پێی دەڵین ئاشگێر.بۆ وێنە دەڵین: ئەوکانیە ئاشگێرێکی ئاو لێ هەڵدەقولێ یا ئەو جوگە ئاشگێرێکی ئاو پێدا دەروا - ئاشگێری ئاو بوتە زاراوەوئیستیلاح بۆ ئەندازە گیری واحیدی ئاو (شە پوڵ)

دوڵه کەبگرن. یان ئەو، پەنجەرە لە خوار، دو زە قەی، ئاشە کەوە لەناو، جۆگە، ئاوە کە، ئەی چەقێنن، تا، ئەگەر پەڕی، تۆپی، ئاشە کە، بپە ڕێو ئاو بیبا، لەدەم، ئەو، پەرچو پە ژێنەوە، بگیرسێتەوەو ئاو، نەتوانێ بیبا.

٢٩ - کۆڕەگە = KORAGA : بە شوێنێک دەڵێن کە تۆپ و تەمبورو پەڕەکان، خوانک لە وێدایە.[1]

لەدوای کۆڕەگە، شوێنێک هەیە، کە، ئاوی ئاشە کە، لەوێوە، ئەرواتە دەرێ، کە ناوی دۆزەقەیە، کە وەک دۆزەخ، وایە، چونکا سەرەکەی داپۆشراوەو تەنگ و تاریکیشە.

٣٠ - تەغار: چوارپوتە، یان چوار کیلەیە. پوتێ گەنم ١٦/٥ کیلوگرەمە. لەهەندێ شوێن دەپوت بەتەغارێک، دائەنێن ولەهێندێ جێگەبە ١٠ پوت دەڵێن بارێک بەلاّم کەویژە ٥پوتە.

٣١ - کاسە: پەیمانەیەکە، دو، یان ٤، سییەیەو هەر سییەیەک، لە موکریانا، بەدوکیلوگرم دائەنێن. بەلاّم (ڕبە = REBA) شەش مست گەنم ئەبات، - (کەپولە - KAPULA) نیو، ڕبەیە، یانی: سی مست گەنم ئەگرێ.

با نیژە، یان، دوڵیان: شوێنێکە، لەبان، بەردی ژورو، قوڵ درو سکراوە، باراشە کەو جەواڵە، گەنمە کانی، لەسەر ڕۆ، ئەکەنو لەوێوە، لە کونێکە وە، بەناوی (کوروڵە، یاقونەگاڵە) ئەچێتە ناو (کە ویژە یالەری = چینەکی) یەوە.

٣٢ - قوڵکەی ئاش یان، دوڵدانەی ئارد: دوای ئەوەی دەغڵە کە بو، بەئارد، بەدەورو بەری بەرداشا کانا کۆئەبێتەوەو دێتە ناو قوڵکی ئاردە کەوە، کە لەبەردەم بەرداشە کانەوەیە. کاتێ ئاردە کە لەوێ، خڕبوەوە ئاشەوان یان خاوەن باراشە کە بەئاردەڵ، ئارددەرکێش خڕیئەکاتەوەو لەپاشان بە دەمەبیڵە، کە، باڵی و باڵە و بێڵی ئاردی ئاشی پیێ ئەڵێن ولە دار دروس کراوە، ئەی کاتە ناو، جەواڵ یاهۆڕ، یاکیسە و شتیوا و ئەی باتەوە، ماڵێ.

٣٣ - چەکوچ، چەکوش، کوتە، ئاسنێکی سەخت و گردە، کە دەسکی هەیەو ئاش وەستا، ئاشی پێی بیراز ئەکات، بیراز کردن، لەناوقسەی خۆماڵی دابەتەمێ کرد نیش دەڵێن.

---

١ - لە کوردەواریدا کۆڕ: کوبونەوە، مەجلیس، کۆڕ بەستن، مەجمەع، موئتەمەر.

٣۴ـ باراش = BARAS لە دو، واژەی (بار) و (ئاش) سازبوە. واتا: باری ئاسیاو، ئەو گەنمەیوابەبار، ئەی بەنەئاش.

٣۵ـ ئاشەوان = ASAVAN لە دو واژەی (ئاش) واتا: ئاسیاو و (ەوان) کە پەسوەندەو بەمانای بەڕێوە، بەری ئاسیاوە ـ ئەوکە سەی، وائاگای لەئاشە، سازکراوە.

مزەیا ئاوانیا ئاوانە، بریەتی یە: لە $\frac{١}{١٥}$ یا $\frac{٢}{١٠}$ هەمی ئەو، گەنم و شتانەیوا لە ئاش لێدەکرێ و ئەدرێ بەخاوەن، ئاسیاوەکە.

٣٦ـ دان DAN یا دانە، لە کوردییا ئەڵێن: ئاشەکە، دانی لێبڕاوە.

٣٧ـ ئاشی دایمەگەڕ DAMAGAR = ئاسیاوێکە، کەهەمیشە کار بکات.

٣٨ـ ئاش دەمیزێ = ASDAMIZE ئەمە کاتێکە بستەکە زور کاری کرد بێو گەرم، داهاتبێ و ئەو شتانەی، دەوری خۆی، سوتانبێ لەو، کاتەدا دەنکە گەنمەکان، بە ساغی، یان، بەپەڵخوڕی فیشقە بکەنو برژێنە، ناو، ئاوی ئاشەکەو لەناو، دوزخەی ئاشەکەوە، بەدەم، ئاوا بڕۆن. بۆ ئەوەی ئاش نەمیزێ، ئەبێ، زەمبورەو تەمبو، جوان بەرانبەرو راست و پاست بکرێ و جوان ئاوەکە، بدا، لە پەڕەی تۆپەکەو فێنکی، بکاتەوە.

ـ هەندێ بنە ماڵە، کەلەبەرهەژاری دەسیان بەئاسیاو نەگەیشتوە بە دەساریا هارە واتا: ئاشی دەسی، گەنمیان، کردۆتە، ئارد.[١]

هۆڕە: HORA سنگێکە، لەدار، یا، ئاسن سازئەکرێ، لەکوردییا، ئەڵین: دارتا هۆڕەی لە خۆی نەبێ، ناقەڵشێ، یانی: دار تاپوازی لەخۆی نەبێ، لەتو پەتنابێ ـ مامر خۆی خۆڵ نەکابەسەر خۆیدا، کەس، ناتوانێ خوڵ، بەسەر مریشکابکات، یان وەک، ئەمە: هۆڕەی بۆ دەکات، نەمرم، هۆڕەی، بۆ ئەتاشم. هۆڕەی بۆساز ئەکەم.

---

١ـ دەسار = هارە:

کەلامی سەید محەمەد ـ سادق ـ سەیدی ـ دوهەم:

| | |
|---|---|
| هارە سە ختەنی، هارە سە ختەنی | تۆسەنگ‌سیای ساحیۆ بە ختە نی |
| هارەی هەراسان هەردەی، هەردە گێڵ | خاس خول دەنە وێت چون دێوانەی وێڵ |
| ئامانەن دەستت وەدەست یارەن | پەنجەش ڕێش نبۆهارە هاوارەن |
| هیچکەسێ دەسش نەدەست یارنەبی | هارەچی وەشی چەنی هار نە بی. |

## ٦٩ ـ شه پۆڵ

یانی: هەڵی دەقلیشێنێ، هورەی بۆ ئەکەم لە ئاشنانەوەدا زاراوەیەکە بۆقاییم کردنی ئارو بارەکەی، پوازو هۆڕە، بەکارئەبرێ، لەبارەی ئاسیاوەوەقسەی نەستەق و پەندی پێشینان زۆرە، ئەوانەی وائێمە بیستومانەبۆتانی ئەگێڕینەوە:

ئەڵین: ئاشی فرەهاڕوردیش ئەهاڕیو زبریش یان، ئەڵێن: ئاش دەنگی دێوئاردیش دیارنیە ـ یاوەك ئەڵێن: ئاش لە بیرێك وئاشەوان لە بیرێك دایە.

مانای ئەم مەتەڵە کەئەڵێن ئاشی فرەهاڕ وردیش ئەهاڕێ و زبریش، بەم جۆرەیە، یانی: مانای ئەمەیە کە ئەڵێن: ئاشی فرەهاڕوردیش ئەهاڕێ و زبریش... مرۆڤ ئەگەرزۆر بڵێبێ و زۆر قسان بکات. قسەی چاك و بە ڕێوجێگە یش ئەکات و قسەی کاڵ و نەکوڵیو نالەباریش، بە سەر، زاریدا، دێو لە دەمی دەرئە پەڕێت، کەوابو، ئەبێ، ئینسان، وریای خۆی بێت.[1]

ئاش تابیرازی نەکەی «ئارد» «گەنم» ورد ناکات یانی: هەروەك ئاش تا ئاش وەستابیرازی نەکاتو بەرداشەکان، گڕناڵ گڕناڵ، نەکاتو بە دەمە، چەکوش گڕنج، گرنجی، نەکات، باش، ئاردەکە ورد ناکات بەڵکوخراپی لێ ئەکات، مرۆڤی نالەبار و ناقۆڵایش، تا دەنگی نەدەی یا (نصیحەتی) نەکەی، یانهێندێجار، تەمي نەکەی‌نایەتە سەر، هێڵو مل ناداتە کاروبارو ئەیەوێ، مل هوڕی، بکات، یان، خۆی، بە سەپە، حۆڵ لە قەڵەم، بدات. ئەگەر کەسێك، زۆر قسان بکاتو نەی، بڕێتەوە پێی ئەڵین: ئاشەکەی، لێی کردوە.

ئاشی ئاولێبراوە، کینایە، لە، نەبونی بزوتنە وەیە. سەرم لە ئاشیدا سپی نەکردوە. یانی: تەقو چەفم زۆر دیوەو ئاوەزو تەجرەبەم زۆرە.

لە ئاشی زۆری پێچوەو لەرێ یە پەلەی دەکات. نێوی بە کۆڕەگەی ئاشیدا چێ. یانی: تون بەتون بێت و بکەوێتە، ناو، قەبری، تەنورەی ئاشەوە.

کردییە سەری‌نای ماڵێتەوە. یان، وەسەری، کرد... گەنم لێدەکات بەڵام، ئاردی کۆ ناکاتە وە.

---

١ ـ زۆر بڵێیو چەنەوێرغە، نەبێ. ئەگەر زوان بێڵێ سەر سلامەتە ـ مولە زمانی بروێ ـ زمان نەبرم سەرت ئەبری سەرم ـ زوان باز قسیە لەدڵیاجێگە ناگرێ ـ زوانی لەتەك سەریدا بازی دەکات ـ زوانم بازو سەرم سلامەت‌کورد دەڵێ با ماڵێکمان با ئەوسا لەسەر سواق دیوارەکەی ئەمان کردە جەنگ (شە پۆل).

ئەمە کینایە لەوەیە زۆر بلّییە نای بڕێتەوە، قسەکانیشی، زۆر بیێ تامن، بێ نەتیژەن. دەڵێی ئاشە ـ وەک ئاشوایەیانی: خۆڕایەو پڕئیشتیاو خورێنە. سەری بوەتە، ئاش و... بوەتە، ماش. یانی: زۆر خۆی، ئەتوروقێنێتەوەو خۆی بەدارو بەردا، ئەداو خۆی ماندو شەکەت، ئەکات بەتێکرا ئامرازی ئاش .[1]

ئەمانەن: قوڵکەی ئاشی ـ وڵدانی ئارد. بێڵ، دەمە بێڵ، بێڵە، باڵی. ـ ئاردماڵ، ئارد دەرکێش. ـ چەکوچ، چەکوش. بیزارکردن ـ لەواز، شەمشیرە ـ گردەڵ، دارگردەڵە. ئاش وەستا. ـ بەرداش. ـ هۆڕە، پواز، تەوەرە، بستە، کەپولە، کاسە، کاوج، ڕبە، پوت، ئاش نانەوە، باراش، ئاشەوان، ئاسیاوان. مزە، ئاوان، دان، پێی و دان، دایمە گەڕ. ئاشە کە، دەمیزێ. ئاشێ لەمیزتن بێ هەر دەمیزێ، بەڕەبەی گەورە دەی پێوێ، ئەسپم نوڕەبە، جۆناخوا. دایکی لە ئاشی ئەکەم. ئاشی ئاوی، ئاسیاو، ئاشی ئاوری. ئاشگیرێک ئاو، دەساو. پەرچ، پەرژین، پەنجەرەی دارین. دولاش و تەنورە، حەواڵە، زەمبورە، گونج، پەڕە، پەلی، تەمبو، تۆپ، مورو، چەرخ خوان، خوانک، دارخوانکە. بەردەمورو. بستە، بلێسک. تەوەرە. بەڕوڵە، پا، پێی، کۆڕەگە، دۆزەقە، بانیژە، دوڵیان، قونە گاڵە، کوڕوڵی. کەویژە، کەویژ، لەری و چینەکی. گەرو، گەڵو، باندۆڵ، بەن کەویژە، چەقەنە، جغجغە. بومەتەچەقەنەی ئاشی واتا: ئاراو قارام لێ هەڵگیراوەو. هەر، لەخۆمەوە، دێم و ئەچم و ئەرۆم. لە کوردییا بەهەڵپەرینی ناشییانەو جلفانە و نەزانانە ئەڵێن: چەقڵە سەما، لەوە، ئەچێ گۆڕاوەی (چەقەنە) بێت. ئەڵێن لەئاسیاوەکەی گوندی هەجیجا چوارکەس بەشدارن، یەکێک لەوانە، بوەتە، ئاشەوان و بەشی، ئەوسێ بەشدارەکە، ساڵانە بەدوانزە سیانزە تەغارگە نم بەئیجارە ئەگرێ. ئەمەنیشانەی هەژاری و کزو کەساسی خەڵکی ئەو ناوە ناوەیە، کە تاغوت و تاغوتیان، خۆیان بەسەر گەلەکەمانا قەف کردوەو دیل و بەردەسمانی کردوە. دەی تاکەی نەخوێندەواربین و هەژار دەی ئێمەی کوردیش وەک جاران بڕۆین بەدوی خوێندن و فێربونی عیلم و زانینیی ڕۆژ، کە بۆحاڵ و ژیانمان موفیدو بەکەڵک بین، کەم سەرداخەین و وەدواکەوین، با بەفێربونی عیلم و تیکنیک خۆمان تەیار بکەین و خۆمان بەرینە ریزی مرۆفە سەرکەوتوەکانی جیهان، تالەدنیاو قیامەت بەکەڵکی خۆمان و خەڵک بین و بەرزو سەربڵیندبین (شە پۆل).

---

١ - بۆ زیاتررون بونەوە بڕوانە: و تاری تەحقیقی لێکوڵەری زانا کاک قادر فەتاحی قازی ئوستادی زانکۆی تەورێز.

٧١ ـ شه پۆل

## باکوردی بنوسین وکه له پوری باب و
## با پیرانمان تۆمار بکه‌ین

باکوردی بنوسین‌وکه‌له‌پوری باب و با پیرانمان تۆمار بکـه‌ین کـوردی، زمـانێکی، له‌بارو تەرو پاراوه، وه، یه‌کێکه له‌و، زمانانه‌ی‌وا، زۆر سرنج ڕاکـێشه، شـیرین و خـۆش ئاهه‌نگه، موته‌ناسیب (الآجزایه)، غه‌نی‌و تێرو ته‌سه‌ل وبی‌نیازه، سروشتی ومـه‌ندو قـوولّ‌و بێبن‌و ڕاست و بی‌گری‌وگوڵه‌و زۆریش ڕاسته و خۆوصه‌ریحه، خودانی جوانی یه‌کی تایبه‌ته، زۆر ڕێک و پێکه، وه‌ڵڕزار، ره‌وان و خونجاوو‌گونجاوه، کوردی ره‌زا شـیرین وئـێسک سوکه، کوردی زمانیکی فه‌لسه‌فی‌و هونه‌ری و دینی و ره‌زمی وجه‌نگی‌و حه‌ماسی و غه‌نایی و عیرفانی و زانستی و شاعیری و زانیاری یه، فره‌و زورته‌روله بارو پاراوو په‌ره دار و پـڕله بارستای و بارته‌قای یه، کوردی زمانێکی به رزو بڵیندو هه ستیاریانه‌یه، له‌باری و خونجاوی، هه‌رله خۆی ده کاڵێته‌وه.

به‌لاغه وپاراوی بێژه‌و وێژه‌وانی وێژاوه‌ری کوردی، له‌ڕاست خۆیا زۆرمـایه‌دارو ڕیشه‌داره.

شاکاره‌کانی، ئه‌م، زمانه، له‌ڕوانگاو دیمه‌نی هونه‌ری و زانیازی یه‌وه، زۆر هێژاو، به نرخه‌وئیمتییاریشی فره‌س. زمانی، کوردی له‌ناو وێـژاوه‌ران‌و هـه ستیـارانـا زۆر بـه رزو ته‌رزه‌و له دور، له چاو، ئه‌داو دیاره. به لاّم وه‌ک خاوه نه‌که‌ی، لێقه‌و ماوه. له‌کاروانی، شارستانی وژیار، جێماوه، چونکازانای کـورد، وه‌ک چـرایـه‌ک فـوروتیشکی، بـۆخه‌ڵک‌و لاوه‌کی بوه و به‌رپێی، خۆی تاریک کردوه‌و نه‌ی بینیوه وه‌بێژاوه‌ران‌و زانایانی کورد، ئه و هه‌موه، خزمه‌ت وراژه‌یان، به‌فه‌رهه نگی بێگانه کردوه، به‌لاّم، له ته‌ک، زمانه زگ ماکی یه کوردی یه‌که‌ی، خۆیانا، نه‌بان‌و نامۆ و خونه‌گربون، به داخه‌وه، زۆربه‌یان عاره‌بی نوس و پارس و ترک زوان وکوردی نه‌زانن، هه‌روه‌ک‌له باوی فه قییه تیدا، ڕامانگه‌یاندوه،کورد زانای پایه به رزی، زۆر بوه، به لاّم، وه‌ک چرا هه‌رتیشک و ڕوناکایی‌یان، بۆلاوه‌کی و ئه‌م‌و ئه‌و و ناکه‌سان بوه، سه‌ره یان‌بۆخه‌ڵک کردوه، که‌چی، بنه‌یان، بۆخۆیان، نه کردوه. بۆ ئه‌م و ئه‌وزۆر، دڵ ئاوان. به لاّم، له‌ڕاست، فه‌ره‌نگی، خۆیان، چاوچنوک‌و له ناو، خۆشیانا، بویه‌ک تر، خه نیم‌ومێملّ و دژن، ئه‌وه‌یه، پێشینان و تویانه: دارتاهۆره‌ی، له‌خۆی نه بیّ ناقه‌ڵشیّ.

# لێکۆڵینەوەیەک:

دانانی چەن نامیلکەو کتێبو پڕاوێک کە هەمو لایەنەکانی فەرهەنگو زانستەکانی گەلی کوردبگرێتەوەو بڵیندیو نزمی و بەرزی ژیانی تەواوەتی مێژینەی مێژوی کوردستان بەوردی وەرێکو پێکی دەرخاو ڕونی بکاتەوە ئارەزوی هەر کوردیکی دڵ پاکو خوین پاکە.

دابین کردنی ئەو مەبەستە وەگەییشتن بەم ئارەزو و ئاواتە پێک نایێ تاگشت بەیتو باوەکانی ناوکوردەواری خڕنەکرێنەوە ولێیان نەکوڵرێتەوە.

بۆ دانانی مێژوی کامڵی کورد، چلە باری رامیاری وە چلە باری کۆمەڵایەتی، وە چلە باری مێژینەی مێژوی شارستانی و ئاینیو دینی وەزانستگەلو پیشەو دەسکردەکان و ئابوری و زانیاری و جوخرافیای مێژوییەوە و هەر وەها لە باری مێژوی گشتی و مەنتەقەییو ناو ناوەیی یەوە، تەنیا سەر چاوەکانی مێژویی بەس نیە. بەڵکو پڕبایخترین وپڕباوەڕ ترین مەبەست لەم بابەتەوە، ئەبێ لە لابەلای دیوانی هۆنەران و شوێنەوارو بەیتو باو و مەبەستەوێژەیی و هۆنراوەی نەخوێندەوارانی ناوکوردەواریدا، بەدەس بێنین، وە لەگەڵ ئەو مەبەستانەیوا لە ناو پڕاوەمێژوی یەکانا هەن، لیان بکۆڵینەوەو لێکیان بدێنەوە، جالە تەک ئەو مەبە ستانەیوا لەرێگەی کەونـاراو کۆنەناسییەوە، بەدەس دێن گەلاڵەی مێژوی تەواوی کوردەواری لێسازکەین و رێکو پێکی خەین.

ئەبێ بڵێین: بەیتو باو لە بابەت فەرهەنگی کوردەوە، کە بەشێوەیێکی گشتی زمانو ئەدەبو وێژەو واژە و فیقەللوغەو زوانەوانیو زاراوەناسی، وەشوێنەوار، وەوێژەی رەمەکی ناوکوردەواری، هەر وەها فەلسەفەو عیرفان، ئەو مەبەستانەیوا نوێنگەو سەر چاوەو بناوانی هەڵقولاندنی زەوقو چەشەو سەلیقەو بیرەوەری ناوکوردەوارییە، کە لە چەرخو خولەکانی، دورو ناوەراستو تازەدا هەبون و لەم خولەدا، وەئیستاگەییشتونەتە، دەس ئێمە، ئەبێ، لە پێش هەموکارێکا خڕبکرێنەوە، زۆر بە لەز لە چاپ بدرێن. لە پاش ئەمەنوبەو نورە بەخوێندەوارانو لێکۆڵەران ئەگا، تا بە سانایيو سوکوئاسان، پتوانن بێگریو گوڵو بێ کۆسپو قۆرتو بێ ئەوە خۆیان ماندو بکەن، کەبەیتو باو و شوێنەواری ناو





م

ماموٚستا

ئەوە ماموٚستایە خەریکی نوسین و

فیرٚکردنەو لەبان تەختەی

رٚشەوە ئەنوسیٚ .

کوردەواری کۆبکەنەوە و فەرهەنگی کوردی دانێن، خەریکی سرنجدان و پیاچونەوەی بەیتو باوە کوکراوە کان بن، وەلەم ڕێکەوە جوان بەوردی بکۆڵنەوە، وە هەنگاوی ڕاستو دروستو بە کەڵکو بەجییو خونجاو، هەڵگرن.

سرنجدانو پیاچونەوەی فەرهەنگو زانستگەڵی ناو کوردەواری و کۆ کردنەوەی وێژەو ئەدەبی عامیانەو شوێنەواری: «فۆلکلۆریک» لەباروبابەتی زانین و ناسینی ویژەو ئەدەبی باو واتا: «رەسمی = کلاسیک» پێویستە. مەسەل و چیرۆکو خوو ڕەوشتی جوان وگۆرانیە کانی ناوکوردەواری ئاوینەیەکی، روناکو بالأنۆینە کەتەشکو دیمەنی، راستەقینەی دڵو هەناو و بەزەییو خوشەویستیو پیویستیە کانی ژیانی مرۆ لە کوردەواریدا، پێشان ئەدا.

ئەدەبو وێژەی ناوکوردەواری پەردەیەکە، ڕەنگین، ئەڵێی کۆلکەزێڕینەیە، کە تاڵو پویەکەی خەمو شادی، رازونیاز، نەتەوەویستی، خەڵک دۆستیو ژیانی خۆگرانەی ئەوان، ئەگێڕێتەوە وئەنوێنێ. مرۆی زاناوژیر و وریا زۆر جوانوە زۆرباش ئەتوانێ لەڕوی سرنجدان بە بەیتوەبە باوی کوردەواری مێژوی ئابوری، زانیاری، فەرهەنگیو هونەری وراماریانە، وە کونجو، کەڵینی تاریکی مێژوی کۆمەلأیەتیو شارسانی گەلی کوردی بەشەرەف بەشخوراو، دەرخا و ئەوپەردەڕەشانەیوا بەئانقەست لەلایەن دوژمنانی کوردەوە کشاوە بەسەر مێژوی مێژینەی گەلو نیشتمانی کوردا، لایاندا و تاڵی، شیرینی، کوێرەوەری، بیرەوەری خۆش، ناخۆشی خەڵک ڕون کاتەوەو جوان بی نۆینێ.

ئەدەبو وەێژەی رەمەکی ناوکوردەواری هەوێنو ئامیانی چێژەو هونەری خەڵکو کۆمەلأیەتی نیشان ئەدا و زۆر جاران، هۆی کامڵ بونی ئەدەبی باو: «رەسمی» پێک دێنێ وە هەر وەها بەسەر توپو قاش، پایە، سەرملەوانە، بەرمور، ناوەراستی گەردن بەندی تەلای دەستەو شاری بیر، ڕای ژیران، زانایان وهەستی پڕبڵیسەی دەرونی کوردەواری نۆینەریراستی لە بەرانبەر داهێنان ونوژەنی بەرزو بڵیندا ئەژمێردرێ.

لێکۆڵینەوەو پیاچونەوەی وێژەی، رواڵەتسادەی، ناوکوردواری هەر بەو، ئەندازەیە، کە لەبابەت نواندنی نسرمی زوقم لێکووتوی، ژیانو بیرو باوەڕی ئەم گەلە کوردە رەسەن

وجسنە بایخدارە، لە بابەت دیتنەوەو دوزینەوەی و شەو واژەی گوم کراوی، زمان و وێژە گرنگ‌و پڕبایخە! وە هەر وەها لە بابەت دەرخستن‌و سرنجدان بەمەبەست وهەستەکانی دەرونی‌و دیتنی دیمەنی مرۆڤایەتی لە ناو قوژبن‌و سوچێکی کۆمەلایەتی مرۆدا بایەخ‌و نرخێکی یەکجار گەورەو گرانی هەیە. وتەو وێژەو، وپەندو چیرۆک‌و. گۆرانی‌و چریکەو چریکە چرین‌و فەرهەنگی خەڵک‌و کەلەپوری کۆمەلایەتی ئاوینەیەکی بالانماو ڕۆشنەکە زۆر دیمەنی، ڕاستەقینەی کۆمەڵ‌و فەرهەنگی خەڵک بەجوانی ئەنوێنێت‌و نیشانی، ئەدا، بەیت‌و باوی کۆمەلایەتی، یا باشتر بڵێین: وێژەو ئەدەبی کۆمەلایەتی، پەردەیەکی ڕەنگاو ڕەنگی، هەمە چەشنەیە، کە تارو پۆ و ڕایەڵەو ماشەری، ئەو، پەردەیە، پڕە لە خۆشی وناخۆشی‌و تاڵی وسوێری، جا ویست‌و تێبینی کۆمەڵ وەژیان‌و بەسەرهاتی، ساکاری خەڵک‌و گەل ئەنوێنێ و جۆرە ڕوداوەیەکمان، بۆ دەر ئەخات، کە هیچ کات‌وزەمانێک مێژو نوسەکان، نەیان توانیوە، بەتان‌و پۆیابچن‌وە یا بتوانن سەری ماشەری، ئاڵۆزاو بدوزنەوەو جوان لێی ورد ببنەوە، هەر وەها تێگەیشتن‌و پێ گەیشتنی گەل‌و هۆز لە پلەی ژیارو شارستانی دا ئەنوێێ‌و دەری ئەخات، کە ئەو گەلە، لە چ پلەیەکدایە، هەروەها ئەتوانین بڵێین: وێژەو ئەدەب و بەیت‌و باوی کۆمەلایەتی، زۆر جاران، وە لە زۆر جێیاندا فریای وێژە وئەدەبی جێگرتوو یەک گرتو، ئەکەوێ‌و ئەبێتە هەودایەک، لە نێوان چینی سەرکەو توی پێش کەوتو و چینی پاش کەوتو وبەهەر، وەهایش، توێژی نێوان خوێندەواروبورەپیاولە یەکترنێزیک ئەکاتەوە کەوابو هەر چەند فولکلورو وێژەو ئەدەب‌و بەیت‌و باوی کۆمەلایەتی، لەهەر مەڵبەندو سنورو هەرێمێکا، هەبێ ناکرێ چاویان لێ بپوشرێ. ئەگەر، بێتو بەجۆرێکی شیاو، وپێویست لە بەیت‌و باوی کۆمەلایەتی‌و کەلەپوری خەڵکی باش بکۆڵینەوە، مێژو نوسەکان‌و لێکولەران مەیدانێکی پان‌و بەرین‌و بەربلاویان، گیر ئەکەوێ.

فولکولور: یاهونەری عامیانە پایەو بنەرەتی ئەسڵی ئاسەوارو شوێنەواری هونەرییەکە- لەدنیادا بەدی‌دێت، لەم دوایی داهونەرمەندانی کورد و نیشتمان وولاتیش بۆبەدی هێنانی شوێنەواری هونەری ئاورێکی جوانیان بۆلای فولکولرداوەتەوەو فولکلورلە موسیقاو وێژەو ئەدەبیات‌دا بنج‌و بناوانێکی هەرە گەورەو پرلە چێژەی خۆش‌و، هونەرەچونکەشوێنەواری

فولکلور، دەس کردی تاکه کەسیک نییه، ئاهەنگ‌و گۆرانی‌و قام‌و بەسته گەلی فولکلوریک، کانگای هه ڵقولانی هونەره. که بەدرێژای ساڵ‌و کات‌و زەمان ئه گونجێ بەسەدان ساڵ لەناو خەڵکادەماو دەم‌هاتوەو شانه کراوەو سەرۆک‌و بنۆکی گیراوەو کامڵ بووەو گەییوە، کەوابوو هونەری فولکلوریک نوێنەری سەلیقەی هونەری هه مو کەسێکی یه ک هەرێم‌و شوێنه.

هونەرمەندانێ کەهەوێنی شوێنەوارە کانی خۆیان لەم جۆرەهونەرانه وەرگرتووە، پێوەندی زیاترێکیان له گەڵ خەڵکیدا ڕاگیرکردوە. داب‌و دەستوری‌باو لەناو کوردەواریدا ئەبێ له گشت بەشه کانا چ هەڵپەرکێ و شایی‌و گۆرانی و بەیت‌و باوه کانی تری ناوکوردەواری، کۆبکرێنەوەو راگیرێن‌ولەچاپ درێن، و پێویسته هونەر مەنده کانیشمان لەریشته گەلی سازوئاواز بنچینەی لەسەر هونەره سەر و شتیه کان‌و خۆما ڵیه کان بێ و هەم هاوتاو لفی هونەر لەدنیا بێت.وەئەم کاره‌تەنیا لەڕێگای سرنجدان بەفولکلوروچاو، خشان بەم سەرچاوه گەورەی هونەری گەلیەوەیه، که کەڵک وەرگرتن‌له گەلاڵه کان،شایی‌و هەڵپەرکێ ئەشێ‌و ئه گونجێ. ئەبێ باوەڕ بکەین کەشایی‌و ڕەشبەڵه کی، ناوکورده واری یه کێکەلەو، شوێنەواره، تایبه‌تیانەی، ناوکورد، کەلەناوهیچ، کەلێکا بەم ڕەسەنیەنەماوه تەوه.

بێ گومان زۆر بەڵگەی‌وا هەیه، کەهەر لەناو، کەلەپورو بەیت‌و باودا ئه کرێ، بیان‌دۆزی نەوه وه بۆ دەرخستنی هێندێ مەبەست‌که تائێستا لەناو، ئەدەب‌و مێژودا نەدۆز راونه‌تەوه، کەڵکیان لێی‌وەر بگرین، جا لێرەدایه، کەئێمەبایەخی، کەلەپورو بەیت‌و باوی کۆمەلایەتی مان، بۆ دەر ئه کەوێ‌و لێمان ڕون ئەبێتەوه، کەچلۆن هۆزەجسن‌و ڕەسەنەمادو کورده کانی ئێمه، تاچ ڕادەیه ک توانیویانه هەستی جوان‌و خاوێنیان، له ناو ئەو چێروک‌و کەلەپورو بەیت‌و باوانەوه بنوێنن و ڕای‌بگرن، زۆربەی ئەو هەرێمانەی‌واکوردی، تیا نیشته جێن، لەبەرئەوەی چیاو زەردو چرو بەردو هه ڵەتن، وەلەڕوانگای جوغرافیای شەوە، لەبارێکی تایبەت‌دان، گەلانی بێگانه کەمتر، توانیویانەهەڵ بکوتنه سەر هەرێمه کانیان‌و لەبەرئەوه ئەو هەرێمانه شیوو روباری زۆره و کوێستانه، ئه گەر هەڵیشیان کوتابێته سەریان، نەیان توانیوه خۆیان ڕاگرن و بمێننه وه. بۆوێنه، هه ڵمه‌تی ئاشور بانیپاڵ و هەڵمه تی دەهەزار،

سوارەی یونانیەکان، لەکاتی گەڕانەوەیاندابۆ، یۆنان بە پێی نوسینی گزنفونو هەروەها هەڵمەتی ئەسکەندەری مەقدونی و شالاّوی عەرەب و مەغول بە فیڕو چو، چونکە کوردکان گەلێکی ئازاو نیشتمان پەروەرن، بێگانەکان نەیان توانیوە لە نێوئەوانا خۆبگرنو جیگەبۆخۆیان چاكو خۆش پکەن. جالەبەر ئەوەیە، کەبەیتو باو و ئەدەب و کەلە پوری خۆیان بەرەسەنی ڕاگرتوەو نەیان هێشتوە، ئەدەب و وێژەی بێگانەزۆر ئاوێتەی بێ.

لێك دانەوەو لێکوڵینەوەی وێژەو ئەدەبوکەلەپورو بەیت و باوی گۆمەڵایەتی، بەو، پێ یەیی کەژیانی ساکارو- بیرو باوەڕی، ئەوگەلە، دەرئەخات هەر بەو پییەیش بۆلێك دانەوەی وێژەو ئەدەب و میژوی کوردستان لەباری ئابوری و فەرهەنگی و کۆمەلاّیەتیو رامیاریدا پێوبستە کەڵکی لێوەر بگیررێ لەکاتی لێك دانەوەی کەلەپورو بەیتو باوی کۆمەلاّیەتی دا، زۆر وشەیا وتەی وامان وەبەر چاو ئەکەوێ کە ساڵەهای ساڵە، بەدەس لێ نە د راویو هەروا ماونە تەوە.[1]

## بەیت و باو

لە نێو شۆینەواری کەلەپوروفولکلوری زمانی کوردی، بەصەدان مەنظومەو چیرۆك، بە ناوی بەیت هەن کەلەهەر بابە تێکەوەسرنجدان و چاوخشاندن بەوانەدا، بەتایبەت لەبابەت وێژەو ئەدە بەوە زۆر پێداویست و گرنگە. بێشك وێژەو ئەدەبی رەمەکیو عامیانەی نیشتمانە کەمان ڕیشەو بناغەییکی هەرە گرنك لەریشەو بناغەی وێژەی کلاسیکمان ئەژمێرد رێت، خۆیندنەوەو لێکدانەوەی ئەو کەلەپورانە، وێژەی کەونارامان پەرەدارترو داراترو وپتەوتر ئەکات.

زمانی کوردی شالقێکی رەسەن و بەرزەلە زمانەکانی هێندو ئوروپایی، زمانی کوردی بە پیی دەرەتان داریو پەرەداربون و سەرتەلی یەکی تایبەت کەهەیەتی بێگومان زۆرباش ئەتوانێ لق و پۆپ دەرکات و تەرز، بهاوێت و پەرە پستێنی وگەشەبکات بە تایبەت لەبابەت بێژەو واژەی سروشتیەوە، زۆر زۆر غە نی و بێ نیازە.

---

١ ـ بۆ زانینی زیاتر بروانە سەرەتای شیخی سەنعان بەقەڵەمی موحەقیقی پر کار کاك قادر فە تاحی قازی ئوستادی زانکوێ تەورێز (شە پوڵ).

## ٧٧ - شه پۆل

باش ئەزانین وێژەی عەوامانە و بەیت و باو و چیرۆکەکانی زمانی کوردی بەو هەمو جوانی و ناسکی و ڕێك و پێکی و نیکتەگەلێ جوان، جوانی و ێژەیی وەهەروەها وشەگەلی کۆنەسالێان تێدایە، هێمان بەوجەشنەی کە ئەبێ چاودێری لێ بکرێ و سرنجی بدرێ،لە لایەن، زانایانی خۆمانەوە، چاوە دیری ئەو تۆی لێ نەکراوەو لێی نەکوڵراوەتەوەو پیاچونەوەیشی تێدانەکراوە، وە هەر وەها بە دەس لێ نەدراوی و نەناسراوی ماوەتەوە،بەلام زۆر لە مێژە سرنجی خۆرهەلاّت ناسانی بۆلای ئەم گەنجینەو میراتەکۆنە ساڵێ کوردییە، ڕاکێشراوەو چاو پیاخشان‌و لێکوڵینەوەی بەکەڵکیش لەم بابەتەوە تارادەیەك کراوە، وتمان: چیرۆك گەلێ مەنزوم زۆر بە ناوی: «بەیت» لەناو کەلە پوری ئێمەدا زۆرەو بڕێکیان کە وتونە سەر زاری خەڵکی، وە وەك جاچکە خۆشەیان لێهاتوە، بەیت بە شێوەیەکی تایبەت لە لایەن شایەران و قسەزانان و بەیت بێژان و هونەرمەندان،هۆنراوەنەتەوەو هەر روداوەیکی گرنگ، کە ڕویی ئەدا، لەلایەن، بەیت‌و یژانەوە ئەهۆنرایەوە و لە مە جلیساندا، بۆ پیاو، مەزنان‌وە لەمزکەوتانابۆ خەڵك بە دەنگ‌و ئاوازی، خۆش ئە خوێنزایەوە، خەڵکیش ئەو بەیت بێژو بەیت خوێنانەیان بار بو ئەکردو تەنانەت، لە لایەن پیاو مەزنانەوە، خەلاّت و بەراتیان، بۆ ئەبڕ ایەوە.

بەیتەکوردی یەکان، هەر لە مێژەوە جێگەی سرنج‌و چاودێری خەڵك بون و چەندین چەرخ خەڵك گۆی‌یان، بۆ ڕاگرتوون و دڵ و گیانی خۆیان لەو سەر چاوە ئاوە پاك و زولاڵەدا، پاراو و تیر او، کردوە،بەێتەکوردی یەکان،کە رایەڵە ی هاوریشمینی لە دڵەوە بوەتە ماشەر، تەنراویشیان لە گیانەوە گیراوەو نوێنگەی زیندوی زەوق وئیشتیاو هەست‌و بیرو باوەرو بەزیی پێدا هاتن‌و ئاوێنەی ژیانی، خەڵگی ڕۆژگارانی رابوردون، وە چونکە لە دڵەوە هەڵقولاّون بێ‌شسك بەدڵ و گیانیشەوە ئەنوسین. هیچ کوردێك نییە، نەزانی کەمیرتاژدین، بۆ ڕزگار بونی: «مەم» ماڵ‌و سامانی خۆی ئاگردا، یان «میر حوسین» باوکی «لاس» چلون شێرێکی یاخی لە ناو، جەنگەلاّکوشت و «میهر» لەڕێی «وەفا» داچلۆن خۆیی بە خت کرد، یان شۆر مەحمودی ناکام دوای بیستنی خەوەری درۆیی مردنی ئەوین دارەکەی، چلۆن خۆی‌دا، بەدەم ئاوو لافاوی بەلاّوە. لە نێو کوردا باوە ئەگەر کەسێك لەسەر، شتێك زۆر بڕواو چەنە درێژی پکات ئەڵێن‌ها بەیتی بلەیە، دوایی نایە! لام وایە مەبە ست «برایم پاتشای بەبە» یە، لە ناو

کوردابەداستانی هەڵبە ست ورێك و پێك ئەڵین: «بەیت» هەروەك ئەمرۆکە، لە زمانی کوردی یا باوە لە سەرەتا یان لە ئاخرو ئۆخری هەندێك لە مەنزومە گەلا واژەو وشەی: «بەیت ئەوترێ وەك ئەمەکە بەیت بێژەکان، لەسەرەتای بەیتائەڵێن: بەیتێ بە دڵما هات خودایا، بۆم ڕەوان کە، یان ئەڵێن: ئەی خەڵکینە ئەی ئەهلی مەجلیس ئەمەوێ بەیتێکتان بۆ بگێڕمەوە، کە هەرگیز نەتان بیستبێ. لیزگەی ناوەکانی بەیت گەلی کوردی کە لەتو حەفەی موزەفەری‌یەی پرۆفسور ئوسکارمانی ئالمانیا، کۆکراوەتە‌ئەوە لێمان حاڵی ئەبێ کە هەر لەمێژەوە، ئەم جۆرە داستانە، مەنزومانەیان بە «بەیت» ناو نیاوە. واژەی «بەیت» و یەك دو وشەی هاو چەشن لە موسیقاو گۆرانی و شوێنەواری فولکولوریکی باقی ناوچەکانی ولاتی ئێرانا بەکار هێنراوە، بۆ وێنە لە ئاذربایجانا ئەو گۆرانیانەی وا عاشوقەکان بە دەنگ ئەی خوێنن «بۆیاتی» یان «بەیاتی» پێ ئەوترێ ئاغای ئەبولقاسمی فەقیریش لە کتێبی گۆرانیەکانی ناوچەی‌دا ئەڵێ: جۆرە گۆرانی‌یەك لە هەرێمی شیرازا، باوەکە بەناوی واسونەك «یان» بەیت ناو ئەبرێ. هەر وەها ئەگونجێ وشەی بەیات، وەك ئەمەکە ئەڵێن بەیتی کوردی لەبنەڕەتا، بەند بەندەو هەر بەیتێك لە چەن بەند، بەدی هاتوە. بەندگەلی بەیت، یەك دەسە نیبە، هەڵبە ستراون، کە یەك قافییەیان هەیە و چون شایەر و خۆوێژە کوردەکان، نەیان توانیوە بەیتەکە لە یەك قافییە دا بگو نجێنن ناچار کردویانەتە «بەند» یانی لە هەر بەندێکا قافییەی بەندەکە بگۆرێ.

*غارپراو ، بزرگترین غاردنیا ...*

در فاصله کوه «بیستون» و «تاق بستان» در بلندیهای کوه «پراو» که یخچالهای طبیعی آن معروف است، دهانه «غارپراو» قرار دارد.

در درون این غار شگفت انگیز، درەای به عمق ۳۵۰متر و در قسمتهای عمیق آن چندین آبگیر و یک «آبرو» وجود دارد.

این غار که در سال ۱۳۵۰ شمسی توسط یک گروه غارشناس انگلیسی کشف شد، بنا به تائید انجمن غارشناسان بین المللی، بزرگترین و عمیقترین غار دنیاست.

غار بیستون:

بیستون چه حکایتها که در دل نهفته ندارد....

غار بیستون، یادگاری از بشر اولیه و دورهٔ دیرینه سنگی. این غار که متعلق به دورهٔ ماقبل تاریخ است در بیستون. بالای سر مجسمه هرکول به طور تصادفی از زیر خاک بیرون آمد.

## شێوەی بە یتە کوردی یە کان

بە یت لەباری قورس وقایمیەوە لە چیرۆکە هەڵبەستە کانی شاعیرە فارس و عەرەبە کان کاڵ وکرچتر نیە ودەتوانین بێژین باشتریشن. کە لەوانا نوێنگەی سروشت، جوانیو نەخشیلانەیی، دڵبەران، ئازایەتی ونە بەزی مرۆ، هەسپ، چەكو باقی تایبە تییە کانی مرۆی تیدا، باس کراوە، لە نێو بە یتە کوردی یە کانا، چیرۆك گەلی کورتو درێژ وەبەر، چاوئە کەوێ بەیتی: دمدم و لاسو خەزال و زەینەلو سوڵتان ئەحمەدی بێنار» ئە گونجێ بڵێن: هاوسەنگی «ویس و رامینی» فەخرەدینی ئەسعەدی گورگانی یە. بەیت یان هونراوە کانی عامیانەی کوردیو چیرۆك و ئەفسانە گەل هەر کامێکیان یە کێکن، لە لقو پۆپە کانی، هەرە پرپیت و گرنگی، فەرهەنگی، ناو، کوردەواری و کۆکردنەوەی، ئەم بە یت و باوەی، ناو، کوردەواری یە، لە هەر، بابە تێکەوە، پرسودو گرنگە! ئەتوانین بڵێن بەیتلە بابەت ماناو مەبەستەوە بەم جۆرەی خوارەوەیە:

١ ـ داستان گەلو ئەفسانە گەلێ کە لە ناو، کوردەداریدا، هەڵ نەقولاوە بەڵام بەدرێژایی رۆژگار، کەوتونە تەناو، ویژەو ئەدەبی نە تەوایەتی کوردەوە. وردەوردە و بەرەبەرە، لە گەڵ فەرهەنگی، کوردییا تێکلاو بووەو بەوێنەی بە یت و باو، بەریوایەتگەلی جۆر بە جۆر لە لایەن، بەیت بێژانەوە، هۆنراونەتەوەوەك بەیتی حەتەمو بەهنەسەومحە مەد حەنیفەو هیتر.

٢ ـ بەیت گەلی ناو، کوردەواری کە ناوە رۆکی مەبەست گەلی، ناو، کوردە وارییان هەیەو نوێنەری تایبەتی یە کانی رۆژگارانی کۆنە، بە لام هەندێك مەبەستی ئەم، چاخەدوایی یانەشی تێکەوتووە، ئەبێ ئەمەیش بزانین ئە گەر برێك جوان ورد ببینە وە، باش بۆمان، دەر ئە کەوێ،هەرلەم جۆرە بەیتانەیش هەندێ کەرەسەی غەیرە کوردەوارییان، تێدا هەیە. بەڵام ئەوەندە، ئەم، دەماو، دەم کەوتون، وەك خۆماڵیان لیها تووە. جێگەو شوێنی پەیا بونی، بەیتە کوردی یە کان تەوفیریان، هەیە. ئە گونجێ یەك چیرۆك یانیەك رواوەی مێژوی نەتەوایەتی، یان یەك رواوەی ناوخۆیی، یان، یەك بیرەوەری، نادیار، یەك تێشکان، یەك، سەرکەوتن، یان بیرو باوەری ناوخۆیی، ئاینیو دینی یان، سۆزی دەرونێکی، پر بەزەی یانە وە بیرو خەیاڵی شایەرانە، یان، مەبەستێکی تێکلاو لەوانە، بوبێتە هۆی پێك هاتنی بە یت و بەردی، بنچینەو بنێشەی بەیتو باوی، کوردەواری، لە سەر، ئەو مەبەستانەوا وتمان: دانرابێ.

## ٨٠ ـ باوی کور دەواری

هەرجۆرێک بێت ڕۆح و ڕوانگای بەیت و باو بە چەشنێک ئارەزو، هیوا و هومێد، تاڵ و سوێری، شیرینی، ترشی و تاڵی، ناکامی، ناوکوردەواری دوپات ئەکاتەوە و بۆ ئێمەی ئەگێڕێتەوە، هەروەها وەک چیرۆک و گۆرانی و هەڵبەستراوەکانی تری، ناو، کوردەواری کەبیرەوەری یەک، لە قاقاو پێکەنین و شادی و شین،ناڵە ناڵ و نوکە نوکی، بێ سەرئەنجام، لە ژێر، چڕنوکی، چارەنوسی مروف وەهەروەها لە دەس زۆرداری و مل هـوڕی زۆرداران، بەسەر، هە ژارانا، وە خەفەتی پشو سوار بونی دەردو رەنجی سرۆشت و خولقاندن، دەرئەخا، وە، بۆ مرۆی پڕ بیرو ژێر باش ڕونیان، ئەکاتەوە.

لەهێندێ لە بەیتەکوردی یەکانا ڕ ستەو جوملەی، ساکارو رەوان و بێ گرێ و گوڵ بە کار، براون، کەوەک نرکەی ئاسمانی دڵ و گیانی خوێنەر، ئەگرێ و بۆلای خۆیی ڕای ئەکێشێ، ئەم، جۆرە بە ش و پشکانە[١] «لە ناو بەیت بێژانا «موناجات وەپاڕانەوەی» پێ ئەوتری: بۆ وێنەئەم پاڕانەوەتان، بۆ ئەگێڕینەوە، کە لەپێشەکی زۆر بەی بەیتەکوردی یەکانا، دوپات ئەکرێتەوە:

خولایە هەر تۆی بەرزو بڵیند
هەر تۆی ئەدەی، بوون و نەبوون
هەر تۆیی گیان ئەدەی و گیان ئەستێنی
تۆ گشت ئەم، دنیایەت، خولقا ندوە، خۆ نانوێنی
هەر تۆی خاوەنی، بیرو ڕا
هەر تۆی پەروەردگارو دارا
هەر تۆی، ئەتوانی بڵیندان، نەوی کەی.
مردن بەرزاییکی سینەکێشە
مرۆ لە ترسانی زۆر بە ئۆف و ئێشە
کەس لە دەسی دەر ناچێ
یا خولا لە قوڕ و زەل ڕاچێ

---

١ ـ پشک لە کوردی کرمانجی ژوروودا، بەمانای بەشە.

## ٨١ ـ شه پۆل

خولاّیه هەر توی خودان[1] کەرەم
بەیتیّ هات بە دڵما
خودایە شیعرو هەڵبەستم پیّرەوان کە!
دنیام لە بە رچاو تاریک نەکەی
خولاّ هەرچیت موقەدەر کردوە
کەس ناتوانیّ چاری کات
خولاّیە ئەم بەیتەم پیّرەوانکە
تا بتوانم زۆر بە باشی، بۆ خەڵکی بڵێم
لە مەجلیسی میرو مەزنان
کە شیاوی پاتشاو مەزنان بیّ.

ئەتوانین بڵێین: ئەم جۆرە سەرە تایانە لە بەیتی کوردی یا ئامیانی[2] دینداری و خواپەرستیو لەخواترسانی کوردی بەیت بیژی تیدایە.لە رابوردوا، بەیت بێژەکانی کورد، «بەیت گەلیان» کردۆتە چوار بەش:

١ ـ بەیتی ئایینیو راستەقینە، کە تیکەڵە لە ئەویندارىو خولاّناسیو لە مەبەست گەلو مەسایلی دینیو ئاخیرەتەوە، باس ئەکا. وەک[3] بەیتی زەمبیل فرۆش وە شێخی سەنعان.

میرزا شەفیع لەم بابە تەوە ناوی شێخی صەنعان ئەباو ئەڵێی:

---

١ ـ خودان: خاوەن.

٢ ـ شێوەی تەغزول، تەشبیبی مەعمول لە سەبکو شێوەی خۆراسانیلە ئەدەبیی فارسیدا نیشان ئەداو ئەینوێنیّ.

٣ ـ بەیتی زەمبیل فرۆش وە شێخی سەنعان زۆر دورنییە بڵێین: واژەی، صەنعان لەواژەی «سانان»ی کوردی وەرگیرابیّو کرابێتە عارەبی چونکە «شێخ» لە تفلیس لە گورجستانا، لە سەر لوتکەو کۆپو نکڵی کێوو چیاییکی، بە رزو بڵیندا، کە بەسەرّ ئەو، ناوە، ناوەدا. ئەروانیّ نێژراوەو کوردەکانی یارسان؛(یاری؛ یەزیدی یان ئێزەدی)شێخی صەنعان بەپیروزو پاک و شیاوی پەرستینی ئەزانن، فەلەکانی گورجستانیشچ بەبۆنەی ئەوەوە کە شێخی صەنعان زاوایان، بووە و چبەم هۆیەوە کە شێخی صەنعان خەڵکی ئەویّ بووەو گورجستانی بووە، زۆریان خۆشویستوە و لایان زۆر، دەلاڵ و هێژا بووە و شێخی صەنعان، واتا: شێخی سانان بە «ماما داوید» ناو ئەبەن، بەیتی شێخی صەنعان؛ لە لایەن فەقیّ تەیرانەوە بە شێوەی کورمانجیّ ژورو کراوەتەشێعر، وەلەسالی ١٩٦٥ی لەلینینگراد لە چاپ دراوە، وەهەروەها موحەقیقو ئوستادی زانکۆی تەورێز: کاک قادر ـ ی فەتاحی قازی، لە سالی ١٣٤٦ی کۆچی هەتاویدا، بە کوردی و فارسی بەیتی شێخی صەنعانی، لە چاپ داوەو ئەم بەیتەبەزمانی، کرمانجی خوارووە و بەوێنەی هیجایی یەو هەروەها بەشێوەی هەورامی وسورانی کراوەتە شێعر وهەڵبەست.

شێخ صەنعانەکەی تەرسا وەشێکم ئەڕا گێڵەکەی بێدێ بەشێکم
من شێرەکەی مەس‌دیدەی مەسێکم کوشتەی نێش زام مۆژەی شەسێکم

وە... بەیتی عەقیدە وە بەیتی قەور.

٢ ـ بەیتی عاشقەو باشقان کە لە بەسەرهاتی ئەویندارانو داستانی عاشقانەوە باس ئەکات. وەک: بەیتی: مەمو زین و بەیتی، میهرو وەفا و زوهەرەو موشتەری.

٣ ـ بەیتگەلی حەماسی‌کە باسی شەروشۆروئازایی: «ئیپیک EYPYK یان بەیتی دیوەخانان کە لەواندا، لە شەڕو شۆڕ، وەلەڕیوایات و مەبەستگە لێ مێژوی، باس ئەکرێ. چونکە ئەم جۆرەبەیتگەلە، لە مەجلیسی، پیاو، ماقوڵو میرو مەزنانا، خوێندراوەتەوە و بازاری گەرمیان هەبوە، جا لە بەر ئەمە بەبەیتی کوڕودیوانان ناویان، دەرکردوە، بەلاّم، لەم دەورو چاخەدا مەبەست لەم‌جۆرە بەیتانە، بەیتی باش‌و بایخدارە، وەک: «بەیتی دمدم، حەتەم «ئارەحمان پاتشای بەبەوە بەیتی لەشکری، وە بەدەیان، بەیتی دیکە.

٤ ـ بەیت‌گەلی شیاوی گۆرانی‌و سترانی شایی‌و زەماوەند: لیریک: LYREK وەک: بەیتی شەمو شەمزین‌وزۆری‌تریش کە هەر کام لەم بەیتە کوردییانە، بۆخۆیان، چەن لکو پۆپیان لێئە بێتەوە وەک بەیتگەلی مێژوی، کۆمەلاّیەتی، وە بەیتگەلی «خە یاڵی» کە لەزوانی ئاژەڵەوە، راستەقنیەکانی، کۆمەلاّیەتی ئەگێڕ نەوە وسمبولیکن.

ئەڵێن: لە ڕۆژگارانی پێشودا، ساڵەهای ساڵ شایی و گۆوەندو زەماوەند بە، بەیتەکانی خوالێخوشبو «عەلی بەردەشانی» ئەگەڕاولەم مەیانەدا هیچ کە سێک نەی توانیوە، شان لە، شانی، بداو تۆزی عەلی، بە ردەشانی بشکێنێ، عەلی بەردەشانی، کە بە ماموّستای بەیت بێژان بەناو بانگە، هاو، چاخو هاو چەرخی ئاورەحمان پاشا و عوسمان پاشای بابان بوە، عەلی بەردەشانی، لە داستان و چیرۆکی ڕومانیتک وە بۆیژانەدا پسپور بووە، تەنانەت «بەیتی»: نازو خدری بۆ میر بەبە هۆندۆتەوە، هەر چەن بە رواڵەت حەماسی و جەنگنامەیە. بەلاّم، بەوەی کە ناوی کیژانی لەوا بردوەو جوانی‌و نەخشیلانەیی کچانی تێدا گونجاندوە ئەو بەیتەی، بە وێنەیەکی زۆرتە روپاراو؛ کەشان لەشانی دیوانی شاعیرانی پایە بەرز دەدا زۆر جوان بەشێوەی شاعیرانە دەری هێناوە و هۆندویەتەوە.

## ۸۳ ـ شه پۆل

**عەلی بەردەشانی:** عەلی بەردەشانی، لە بەیتی: نازو خدر[1] کە کچان و ژنانی ئاسکۆڵو جوان و ناسکۆڵە هاو بەشیان، تێدا کردوەو بریندارو زامداربون خوێنەری خۆیی بەرەو لای مێرگ و چیمەن و گوڵ و گوڵکزارێکی دورە ئاوایی ئەبا وەشانوی شەڕو پیاهەڵپڕژانی مەلو باڵندەی جوانو ڕەنگین ئەهێنێتە بەر چاوی، کەسانێک،پەلەوەرانێک، کە لەوجە نگەدا، زامدار، وەیان ئەکوژران،وەک ئەوە دەردو ژانیان هەست نە کردوە، بەڵکو دەفرێکی زولاڵییان لە شەرابی ئەجەلو مەرگیان، بەسەرەوە ناوە، وەوەک هالاوێکی ناسکو بێ خەوش لەهەوادا ون بوونو تواونەتەوە، ئەتوانین بڵێین: ئەم بەیتە حەوت پەیکەری نیظامی گەنجەوی کوردمان[2] ئەخاتەوەبیر، وا بەناو بانگە. کە زۆربەی بەیت بێژانو بەیت خوێنان وە خۆش خوانە کانی دواییی عەلی بەردەشانی بەیتە کانی ئەویان لە بەرکردوەو دەم بە دەم بۆ ئەمو ئەویان گێڕاوەتەوە،ئەمەش ناوی چەند بەیت بێژی بەناوبانگ: هەڵکەتی، خرناڵ، حەمە بەنگینە، وسوشاریەر، مەجید گڕویێ کەلب ڕەزاخان، حاجیلەئیندرقاش، نادری جگەڵە، ئەحمەد هەڵوا، ئەمانە: چەن بەیت بێژو خو وێژ بون.وە روداوەی ڕۆژگارو چاخی خۆیان بەوێنەی بەیتو هەڵبەست ڕێک خستوەو هۆنیویانە تەوە، بەڵام هەرگیز نەییان توانیوە پێ بنێنە جێی پێی عەلی بەردە شانی، لە نێو بەیت بێژانا خوالیخوشبو «ئەحمەد هەڵوا» هەر وەک لە شوێنەوارە کانیا دەر ئەکەوێ پیاوێکی خاوەن بیرو زۆر بیر وردیش بووە.

هێندێ کەس لای‌وایە: «بەیتی میرزام قەلای خاو» خوالێخوشبو ئەحمەد هەڵوا دای ناوە، بەڵام ئەم جۆرەبیرو ڕایە لە مرۆ ی قسەزانو بلیمەت ناوەشێتەوە، چونکە «قەلای» ناو براو لە دەورو بەری شاری‌مەریوانەوەیەو تەپۆڵکەیەکی بچوکییش لەو قەلایە ماوەتەوەو ئەو بەیتەیش لەباری زاراوەیی‌دا بە مەریوانی نێزیکترە بەتایبەت کە: «میرزام قەلای خاو، میرزام قەلای خاو» لە سەرە تاوە دوپات کراوە تەوەو ئەو جۆرە دوپات کراوەیە تایبەتی شێوەو دارژتنی «گۆرانە» وەشوێنی ئەدەبو وێژەی تیرەی گۆرانە کان لەمەریوانا، وەجێکردنەوەی

---

۱ - بروانە: بەر کولی مەنزومەی میهرو وەفا، نوسراوی موحەقیقی بەرێز کاک قادر فەتاحی قازی ماموستای زانستگەی وێژەی زانستە کانی مروڤانی زانکوێ تەوریز.

۲ - بروانە کتێبی زانایانی کورد نوسراوی شەپۆل پەرەی ۳۷۷۳ تا ۳۷۷۲ بەرگی ۵ چاپی ۱۳۷۷۴ی هەتاوی.

شێوەی جوانو خونجاوی زاراوەی ناو براو لە لایەن مەریوانیەکان لە قسەوباسی زانستیاریانیەوە نێزیکترە. لە بەیتی: «میرزام قەڵای خاو» واهاتوە کە شارێکی ئاوەدانو رازاوەو رەنگینو پڕپیتو بەرەکەت لەئەسەری ستەمکاریو فەساتەوەوێران ئەبێوە بەیت بێژ لە سەر یەکێک لە دیوارە ڕوخاوەکانی ئەوشارە دائەنیشێو دەس ئەکا بەگریان وە لە بابەت بێوەفایی دنیاو بێ خەوەری مرۆدا ئەدوێو باس ئەکاتو زورکار لەخوێنەردەکا، وەک بیستومەبەیتی میرزام قەلایخا و هی میرزا شفیعە-خوالێخۆشبو ئەحمەد هەڵوا خاوەنی جەزبەو حاڵ بووە وەماڵییشی لە ئاوایی: «قەڵای رەسوڵەسیت» بووە، کە ناوەندی چۆمی مەجید خانە، پیرە پیاو و مرۆی ڕدین سپی ئەڵێن: یەکسەدو هەشت ساڵ لە مەوپێش ئەحمەد هەڵوا مردوە. یانی تا ١٣٧۴/٢/٢ مردنەکەیلە ١٢۵١ی هە تاویدا بووە.

## نقش آنوبانی نی

چون به سوی سرپل ذهاب از سر تأمل گذر کنیم، تصویر «آنوبانی نی» را بر کنده در دل صخره‌های آن خواهیم یافت که همراه با کتیبه‌ای به خط اکدی هنوز بر جای مانده است.

رب النوع «نی نسی» در برابر شاه (!) ایستاده با دست راست علامت پادشاهی را به سوی وی دراز کرده و با دست چپ طناب نهاده شده بر گردن هشت اسیر را گرفته است.

(!) شاه نیز پای چپ بر پیکر دشمنی نهاده است که بر زمین غلتیده است.



نقش آنوبانی نی در سرپل ذهاب

## مجسمه هرکول

در حاشیه جادهٔ بیستون به کرمانشاه نقش برجسته مرد نیرومندی پهلو داده بر پوست شیر نمایان است.

پشت سر مجسمه که به مجسمه هرکول معروف است، کتیبه‌ای به خط یونانی قدیم و نقوشی دیده می شود.



پیکره هرکول در بیستون

